هەڤاڵ خەجۆ:

## ئێمە بۆخۆمان دەوڵەت نین، ئیتر نازانم چۆن کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی بەڕێوەدەبەین؟



چاوپێکەوتن/ کەژاڵ ئەحمەد

ڕۆژی 2000/7/8 ڕێکخراوێکی ناحکومیی بەناوی سەنتەری نیشتمانیی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر بەهاوکاریی مەکتەبی ڕێکخستنی ی.ن.ك لەشاری سلێمانیی کۆنفرانسێکی بەڕێوەبرد ،بەناوی (کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ژنانی ی.ن.ك ) کە گفتووگۆو ناڕەزایی لەلای ژمارەیەك لەژنانی خاوەن خەباتو داکۆکیکارانی مەسەلەی ژنانو ژنانی ناورێکخستنەکانی یەکێتی دروستکرد، بۆ ئاگاداربوون لەهۆکارەکانی ئەو ناڕەزایی دەربڕینەی ژنان بە پێویستمزانی ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ هەڤاڵ خەجۆ ئەنجامبدەم کە یەکێك بووە لە بەشداربووەکانی ئەم کۆبوونەوەیەی ژنانو وەك یەکەم ژن کەلەمێژووی هاوچەرخی بزووتنەوەی کوردایەتیدا سەرکردایەتی گروپێکی سیاسیی- چەکداریی کردووە لەشاخ ویستوویەتی تێبینییەکانی بخاتەروو کەچی بەداخەوە ڕێگەی پێنەدراوە.

*** لەسەرەتادا پێم وت هەڤاڵ خەجۆ ،دوای بەشداریکردنت لەکۆنفرانسی ژنانی ناو ریزەکانی ی.ن.ك دا کارەکانی چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

– دیارە هەموو کۆڕو کۆبوونەوەیەکی ژنان سەنگەرێکی گەورەیە و کارێکی باشە بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازی ژنان، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە بەلای منەوە ئەوەیە بەرنامەکانی ئەو کۆبوونەوەیە چیدەبن.بەرنامە بۆیە گرنگە چونکە لەزۆر بواردا ژنانی کورد بەژمارە لە پیاوان زۆرترن بەڵام لەبەرئەوەی بەرنامەیەکیان نییە بۆ خۆیان بۆیە لەو شوێنانەشدا کەزۆرینەن هەر پیاوان باڵادەستن.سەبارەت بەم کۆنفرانسەی ژنانی ناو یەکێتی چەند تێبینییەکم هەیە کەئەمانەن: کۆنفرانسو کۆنگرە لەهەموو دنیاداوایە بەرلەوەی دەستپێبکات بەرنامەی کاری خۆییو ئەو تەوەرو بابەتانەی پێشکەش دەکرێن بەتایپکراوی دەخاتە بەردەمی بەشداربووان.

لەبەرئەوەی ئەم کۆنفرانسە بۆ ژنانێك بوو لەبواری حزبیدا کاردەکەن، خەڵکی ئاسایی نەبوون بەرێکەوت هاتبنە ناو هۆڵەکەوەو هیزە سیاسییەکانی کوردستانی ئازادیش نوێنەری گەورەترینو کاریگەرترین حزبەکانی هەموو کوردستانن ولەناو ئەوانیشدا ئەو گروپەی پشتیوانی ئەو کۆنفرانسەبووە ئەندامی سۆسیال دیموکراتە ،کەواتە دەبووایە ئەو کۆنفرانسە لەئاستی ئەو هەموو بەرپرسیارێتییەدا بووایە کە لەسەرەوە ئاماژەم پێداوە.

یەکەم شۆك بۆمن ناوەکەبوو کەبەهەڵ نووسرابوو،وشەکان ئاوێنەی ئامانجەکانی ئێمەن ئەگەر بەهەڵە بەکارمان هێنان ناتوانین هاوڕێ بۆ بەرنامەو پرۆژەکانمان دروستبکەینو سەرلەخۆمانو خەڵکی دەشێوێنین. پێم وایە لەم بەشەی کوردستان گرنگیی بە بەکارهێنانی وشەکان نادرێت نەك لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە بەڵکو سەیر لەوەدایە ڕووناکبیرانو هۆیەکانی ڕاگەیاندن ئەمجۆرە هەڵانەدەکەن، بۆنموونە لەیادی ئەنفالو هەڵەبجەدا دەوترێت کەرنەڤاڵی ئەنفال،یان هەڵەبجە کەئەمە هەڵەیەکی زەقە چونکە کەرنەڤاڵ ئەو ڕێوڕەسمە ئاهەنگ ئامێزەیە کە نەریتێکی کۆنی ئەوروپایەو ئەوانەی بەشداریی تیادەکەن جلی ڕەنگاو ڕەنگ لەبەردەکەنو بۆیە دەدەن لەدەمو چاویان، مەترسیی ئەم دیاردەیە لەوەدایە خەڵك گوێ بۆ وتەی ڕووناکبیرانو میدیاکان ڕادەگرنو چاولێدەکەن بۆیە گرنگە وشە گوزارشت لە ناوەڕۆك بکات ئەگەر وانەکات کاریگەریی خراپ لەسەر بیرکردنەوەی نەوەکانی داهاتوویش دادەنێت.هەر لەچوارچێوەی دەستنیشان کردنی ئەو هەڵانەدا،

لەوكۆنفرانسەدا بینیم نووسراوە (كۆنفرانسی نێودەوڵەتی) ! ئەمە لەكاتێكدا كە بۆ كۆبوونەوەیەكی لەو شێوەیە هەرگیز گونجاونییە ئەو ناوەی لێبنرێت، چونكە وشەی (نێودەوڵەتی) زۆر بەكەمییو بۆ ئەو كۆبوونەوانە بەكاردێت كەبڕیارە لەنێوان دەوڵەتەكاندا ئە نجامبدرێتو سەرۆك یان نوێنەرانی دەوڵەتی جیاواز بەشداریی تیادا بكەن. بێجگە لەوەیش كۆبوونەوە نێودەوڵەتییەكان لە پێناوی پاراستنی مافی دەوڵەتاندایە نەك مافی نەتەوەكان یان مافی توێژێكی ئەو نەتەوانە كەژنانن، لەساڵی 1968ەوە چە پەكانی دنیا شەڕێكیان لەگەڵ نەتەوە یەكگرتووەكان هەبوو دەیانوت لەبەرئەوەی ناوی نەتەوە یەكگرتووەكانە پێویستە بەرگریی لەمافی نەتەوەكان بكات، من لەگەڵ ئەو گروپەدا هاوڕابوومو داوامان لەنەتەوە یەكگرتووەكان دەركرد ناوەكەی بگۆڕێ بۆ دەوڵەتە یەكگرتووەكان چونكە هەر بەرگریی لەدەوڵەتەكان دەكات، تاله ساڵی 1992 بۆیەكە مجار لێرەو دووە مجاریش لەرواندا بەڕیاریدەركرد بۆ بەرگریكردن لەنەتەوەكانی ئەم دوو شوێنە.

لیژنەی ئامادەكاری ئەو كۆنفرانسە ئەگەر هوشیارو مۆدێرنبن دەبێت بزانن وشەكان چۆنو بۆچی مەبەستێ بەكاردەهێنن. سەیرەو جێی پێكەنینە ئەو ناونیشانە بریقەدارە بەكارهێنراوە، چونكە ئێمە بۆخۆمان دەوڵەت نین، ئیتر نازانم چۆن كۆنفرانسی نێودەوڵەتیی بەڕێوەدەبەین؟

ئەوەی هانیدام لەئاستی ئەو هەڵەو كەموكوڕییانەدا بێدەنگ نەبم ئەوەیە كەهەر كۆڕوكۆبوونەوەیەكی ژنان ئە نجامبدرێت بەناوی منو تۆو هەموو ژنانیشەوە قسەدەكرێت، هەروەها خەڵكانێكی بیانی وەك كارو پرۆژەی هەموو ژنانی كورد چاوی لێدەكەن ئینجا ئەگەر كارێك هەر لەناوەكەیەوە هەڵەبێت ئەوا لای ئەوانەی خۆیان كوردنین ئەو هەستە دروستدەكات كە ژنی كورد ئاستی نزمەو نازانێ تەنانەت ناویش لەكۆبوونەوەیەكی خۆیشی بنێت، بەڵام ئێمەی كورد لەنێو ژناندا پسپۆڕی زۆر گەورەو بەتوانامان هەن لەناو كوردستانو لەناو كوردانی دەرەوەی وڵاتداو بەشایەدیی هەموو دنیا خەباتی ژنانی كورد هەنگاوی دیاری ناوە ،

ژنی كورد هێزێكی ئاكتیڤی سەر شانۆی ژیانە لەجیهاندا، ئێمە لە پەرلەمانی ئەوروپا كچە ئەندام پەرلەمانی كوردمان هەیە، چەندین ژنە داكۆكیكاری بەتوانامان هەن كەبەلێكۆڵینەوە زانستییەكانیان ناسراونو كەدەچنە كۆنفرانسو كۆبوونەوەكان لەئەوروپا دەبنە جێگای سەرنجی خەڵكی ئەوروپاو جێگای شانازیی كوردانی ئەو وڵاتانەی باسەكانیانی تیادا پێشكەش دەكەن.

*** ئەی بەرنامەی كۆنفرانسەكەت پێ چۆن بوو، بەتایبەتی ئەو لێكۆڵینەوانەی پێشكەشكران؟**

- ئەو كاتەی بۆ لێكۆڵینەوەو گفتوگۆكان تەرخان كرابوو زۆر كەم بوو ئەگەرچی كۆنفرانسەكە بەناوی سەد هەزار ژنەوە قسەیدەكرد، ئەو باسانەیش كە پێشكەشكران خەسڵەتی لێكۆڵینەوەیان تیا نەبوو چونكە لێكۆڵینەوە وەك دەزانن مەرجو بنەمای خۆی هەیە بۆ نموونە من دەتوانم بۆماوەی سێ سەعات سیمینارێك ئە نجامبدەم بەڵام قسەكانم ناونانێم لێكۆڵینەوە، وتارم هەیە 80 لاپەڕەیە بەڵام لێكۆڵینەوە نییە. لەكۆنفرانسەكە سێ باس پێشكەشكران یەكێكیان سەبارەت بە دەستوور بوو چۆن مافەكانی ژنی كوردی تیادا بچەسپێت، ئینجا لەبەرئەوەی ئەم كۆبوونەوەیە هی ژنانی ڕێكخستنەكانی حزبێك بوو كە ئەندامی سۆسیالیست ئەنتەر ناسیۆنالەو ئەمساڵ لەكۆنگرەكەیاندا سەرۆك مام جەلال وتاری پێشكەشكرد، ئەوە بوو ئەمساڵ ئێمە لەسەر ساحەی سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنال وەك هێزێكی شەرعیو دیموكراتیوهاوچەرخ قبووڵ كراین تەنانەت پارتی سۆسیال دیموكراتی تورك لەوێ ڕەخنەی لێگیراو وترا مەرجەكانی ئەندامێتیی تیانییە چونكە بوون بەئەندام لەسۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنال دا دەستووری خۆی هەیە . یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان كەبەرەسمیی ئەندامە بۆیە پێگەی بزووتنەوەی ژنی كورد لەكوردستاندا پێویستە بەپێی ئەومەرجانە بێت كە سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنال بۆ ئەندامەكانی داناوە هەربۆیە مەسەلەی ڕێژەی بەشداریی سیاسییو حزبیی ژنیش هەر دەبێت بەپێی ئەو مەرجانەبێت. كەگوێم بۆ ئەو باسە راگرت دەربارەی دەستوور وامدەزانی ئەمە بابەتێكە سەبارەت بەوەی لەناو تەنزیمێكی سۆسیال دیموكراتدا ژن چۆن دەتوانێ بگاتە ئاستە باڵاكانی لێپرسراوێتیو ڕۆڵی دەستوور چی دەبێت لەهێنانەدی ئەم خواستەدا. چونكە لەعیراقی نوێدا كەحزبەكانی نەك سۆسیال دیموكرت نین بەڵكو زۆربەیان ئیسلامین ژنی كورد توانی پێشنیازەكەی خۆی كەرێژەی 25٪ ە بۆ بەشداریی ژنان لەدەسەڵاتدا بیچەسپێننو بۆخۆم ئاگاداربووم لەوەی یەكێتیی ژنانی كوردستان پرۆژەی خۆی نارد بۆ بەغدا لیژنەی نووسینەوەی دەستوور، ئەمە ئاستی ژنی كورد پیشاندەدات سەبارەت بەدەستووری عیراق ،لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ئەو خوشكەی بابەتەكەی پێشكەشكرد دەڵێم ئەوە یەكەم لێكۆڵینەوە نەبوو ، دووەم باسی هەموو شتێكی كرد بەتەنیا هەر باسی ڕۆڵی ژنانی سۆسیال دیموكرات نەبێت لەداڕشتنەوەی دەستووری هەرێمی كوردستاندا، بەو پێیەی ئێمە لەكوردستان دەژینو ئەم بابەتەیان زۆرتر پەیوەستە

بەئاما نجی کۆنفرانسەکەوە.بەهیچ جۆرێ باس لەوەنەکرا ژنانی ناو رێکخستنەکانی حزبێکی سۆسیال دیموکراتی وەك یەکێتی پێشنیازیان چییە بۆ دەستووری هەرێمەکەیان!

دووەم لێکۆڵینەوە وەك ئاگادارکرابووین وتیان ژنێ لەئەوروپاوە دێت سەبارەت بەرۆڵی ژنەکوردەکانی هەندەران لەناو حزبە سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپادا لێکۆڵینەوە پێشکەشدەکات، دیارە لەم بوارەیشدا ژنانی بەتواناما ن هەیە کە هەیانە ئەندام پەرلەمانە،کە باسیش دێتە سەر هەندەران هەموو کوردێك بەپلەی یەکەم ئەڵمانیای بەبیردا دێت چونکە زۆر ترین کوردی لێیە دوای ئەو سوید دێت چونکە پەرلەمانتارمان هەیە ئینجا بەریتانیا و دانیمارك‌وهۆڵەندا دێت‌و دوا وڵات نەرویجە،ئەویش چونکە چوونی کورد بەژمارەیەکی زۆر بۆ ئەو وڵاتە تازەیە. خوشکێك لەنەرویجەوە هاتبوو ئەندامی یەکێك لەپارتە سۆسیال دیموکراتەکان بوو نەك ئەندام پەرلەمان ئەو باسەشی کەخستییە روو گێڕانەوەی یادەوەریی شەخسیی خۆی بوو نەك لێکۆڵینەوە لەسەر ئەزموونی ژنانی کورد لەئەوروپا لەمیانەی خەباتیاندا لەریزەکانی حزبە سۆسیال دیموکراتەکان.تەنانەت باسی مێژووی خەباتی ژنانی ئەو پارتەی نەکرد نەك لەئەوروپا بەڵکو لەوڵاتی نەرویجیش تا ئاماژە بەخەباتی ژنی کوردیش بدات لەو بوارەدا.

سێیەم لێکۆڵینەوە کە ناوەکەی زۆر قەبە بوو من بۆخۆم بەشەش مانگ ئینجا بتوانم خۆم بۆ پێشکەش کردنی ئەو بابەتە ئامادەبکەم بابەتەکە بریتی بوو لە (مێژووی هەموو سۆسیال دیموکرات لەئەوروپاو بەراوردکردنی بە ی.ن.ك ) ئەم لێکۆڵینەوەیە هەر پێشکەش نەکراو لەبیری خۆیان بردەوە.

دواخاڵ حەزدەکەم ئەوە بڵێم هیچ ئامادەکاریی نەکرابوو بۆ ئەم کۆنفرانسە لەناو کادرە ژنەکانی یەکێتی دا،لەمیدیاکانیشدا هیچی وام بەدینەکرد،لەبەرئەوەی ئەمە کارێك بوو یەکە مجاربوو بکرێت هیوادارم ئەمە ئەزموونێك بووبێت بۆ ئەوەی ژنان لێوەی فێربن بەڵام ئەگەر گوێ بۆ یەکتر رانەگرین چۆن فێر دەبین؟

نابێت ئەوەش لەیادبکەین ئێمە بۆ چەسپاندنی دیموکراسیی لەو هۆڵەدا کۆبووبووینەوە ئیتر چۆن دەبێت رێگریی لەژنان بکرێت ئەو کاتانەی کە دەیانەوێت بۆچوونەکانی خۆیان بخەنەروو؟

* هۆکاری ئەو قسە توندانە چی بوو کە رووبەرووی بەشداربووەکان دەکرایەوەو ئایا تۆ بۆخۆت توانیت بۆچوونەکانت بێ سانسۆر بخەیتەروو؟

-تا نیوەڕۆ بەبێدەنگیی دانیشتم بەڵام ئەوەی هاندەربوو بۆم چیتر بەبێدەنگیی دانەنیشم ئەوەبوو وتیان حەوت پێشنیازمان هەیە دوای ئەوەی لێرە دەنگی لەسەر دەدرێت ئاڕاستەی مەکتەبی سیاسیی ی.ن.ك دەکرێت‌و دەبێت بەبڕیار،کە هاتنە سەر ئەم خاڵە لیژنە کۆنەکەی سەرەتای سیمینارەکە لاچوون‌و لەناکاو چەند ژنێ چوون دانیشتن وتیان ئەمە لیژنەی نوێیە! ئاخر شتی وا لەهەموو دنیادا نییە چونکە دەبێت ئەوانە بەهەڵبژاردنی ژنانی بەشداربوو شەرەفی ئیدارەدانی دانیشتنەکانیان پێ رەوابببینرێت،دەبووایە کەلیژنەی کۆن کاری تەواو بوو بوترایە ئێستا ناوی چەند ژنێ دەخەینە دەنگدانەوە بۆ پێکهێنانی ئەو لیژنە نوێیەی کارێکی گرنگیان لەئەستۆدایە بریتییە لەگەلاڵە کردنی داواکارییەکانمان لەچەند خاڵێکدا کە ئاڕاستەی دەسەڵاتی سیاسیی ی.ن.ك دەکرێت، ئێمە کەسیاسەتمان کردووە بەم شێوازە دیموکراسییە ئاشناین بۆیە سەپاندنی ئەم ژنانەم بەسەر ئامادەبوواندا پێ قبووڵنەکراو قسەم کرد. لەکۆنفرانسەکاندا ئەوانەی بۆ ئەمجۆرە کارانە دەستنیشان دەکرێن دەبێت بێ لایەنبن بۆئەوەی رێگە بەهەمووان بدەن‌و فەوزایش دروست نەبێت،